www.kurdistannet.org
13-4-2007 1:19 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

ئەلمانیا
halabjayi@hotmil. com

## ئای... چەندە پڕە لە وەڵام... ئیسماعیل کەریم



هەمیشە خولیای لای ئەوە بوو کە چرکە ساتێک بێت لە ژیانیدا وبی گەیەنێتە لوتکەی ئاسودەی گەر تەنها بۆ تاوێکیش بێت، ڕەنگە ئەمە تاراوەیەک خەونێکی خۆش بێت، بەهێندەی زەمینەیەک هەبێت لەم سەر ئەرزی واقیعە بۆ ئاوا خەونێک، کە مرۆڤ بە کامی دڵ پاساری حەزەکانی تیا لە شەقەی باڵ دا بۆ بەرزترین لوتکەی کامەرانی، ، ئەو ساتە بێتە ئەو جێ ژوانە کە هەموو ئەو وەڵامانەی بە درێژی تەمەن لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە لەو پرسیارانەی کە تائێستا لێی نەکردوە هەمووی لە زیدانی دڵ و سینە بێنە دەر و بۆ هەمیشە رزگاریان بێت
ئاخر ئەستمە چەندین ساڵ ئەم هەموو وەڵامانە دەست و پێ کۆت کراو بن، تەنها تەنها بۆ ئەو پرسیارانەی کە هێشتا لێت نەکردوون. گەر دەتزانی چەندین قسەی پێیە بیکا بۆت نەیکردوە هەتا لەسەدای دەنگیدا تونی ئاوازی نێو گەرووی ناخۆش بوە، کەچی تۆ وا هەست دەکەی هێشتا کاتیان نەهاتوە، ئەوانیش چەندین وەرزی گەڵا ڕێزان و سەرماو شەختەی زستانی ساڵ وهاوینی سوری پڕ هەتاو بەهاری مژدە هێنەریان تێپەڕاندوە، هەر بەحەسرەتی ئەوەبوون چێژ لەهەموو ڕەنگەکان وگوێ لە سەرجەم وشە یاقوتیەکانی تۆ بگرن، ، ڕەنگە ئەمەش یەکێکی تر بێت لەو هەلانەی کە نە سروشت و نە ڕێکەوت نەی بەخشیتە ئەم وەڵامانەی عەیامێکە ناهاتونەتە سەر زار و هەر لە ویستگەی چاوەڕوانیدا ژیانیان گوزەراندبێت، ، بۆیە لە ناخیدا هەستی بە لێدانی زەنگێک دەکرد بۆ وە ئاگا هێنانەوەی ئەو وەڵامانە کە ئەمشەو دوا کۆتای شەویانە لە قەفەسەی سینەیدا، بۆیە دڵە ڕاوکێ و ترس و ئاڵۆزکاوی بە ڕوخسارو تەنانەت قسە کردنیشەوە دیارە بوو، ، سەیر نەبێت کە مەلولیە ڕیتمی ڕۆشتنیشی تێک داوە، وەک ئەوەی ئەمشە و دوا کۆتای ژیانی ڕابردوو و سەرەتایەکی نوێی تەمەن و ژیانێکی تر بێت، بە دوور لە زیندانی کردنی جارێکی تر بۆ هیچ وەڵامێک، چونکە لای ئاشکرا بوو ئەمشەو سەرجەم پرسیارەکان دەکرێت و هەر لێرەشەوە تەواوی وەڵامەکان دەبێتە میوان و دەست لە مل کردنی پرسیارەکانی، بۆیە گەر بڵێم لە ئاوا ساتێکدا پێ دەچێت زۆر شت تەنانەت لە بیرکردنەوەشیدا گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆ هەمیشە ئاسمانێکی لێوە دیار بێت شوێنی هەموو ئاواتەکانی بۆ بگرێتەوە، ، ئێستە نا کەمێ تر سەرەتای ئەو چرکە ساتە دەست پێ دەکات، بەڵام شەوگار وەک هەمیشە خەدرەکانی خۆی لەسەر هەڵناگرێت، هەمیشە بۆ بۆنی گوڵێک دەبێت سەدان درک و داڵ لە دەست و پێی بچەقێت، سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە خوێناوی نەبوبێ،
وردە وردە دەکەوێتە ناو گۆمی مەنگی بیر کردنەوەو بە قوڵای تاریکی شەودا ڕۆ دەچێت، خۆی لە نێوەند سەدان تێڕامان و هەڵوێستی جیا دەبینێتەوە، تا چەندە ئەو ئاگای لە شەقاوێ ئەولای خۆیەتی و بە زەنگی تەلەفونەکەی ئەم تاریکی ئەم شەوگارەم بۆ شەقار دەکات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

، لێرەوە خەمێکی وەنەوشەی بەر پەنجەرەی ژورەکەی تەنیوە و میلی کاتژمێریش هێواش هێواش تێدەپەڕێت زەنگی تەلەفونەکە هەر لێی نەدا، هەموو شەوی بەڕێ کرد تا سپیدەی بەیان سەری هەڵداو بەڵام سەرەتای ئەو چرکەیە کە پێش بینی کردبوو هەر نەهات و دووبارە و کەوتە نێو گێژاوی لێکدانەوەو ئەمشەویش وەڵامێکی تر زیادی کرد لە ناخیدا، پرشنگی خۆر لە دەلاقەی ژورەکەیدا وەک ڕۆژانی پێشوی خۆی پەخش کرد و ئەمیش بەدەم ڕۆشتن بۆ سەر چرپاکەی ئەم چوارینەی لەبەر خۆیەوە دەوتەوە

کامەرانیم ئەمشەوە وا دەرگای دڵم دەکەیتەوە
زوخاوی ساڵانی تەمەن بۆ ئەبەدی دەبڕێتەوە
یەکەم ووشە لە زاری تۆ چەند شێرینە کە دەپرسی
وەڵامێ زیندان دەشکێنێ و تۆش فرمێسکم دەسڕێتەوە
شەوی 10. 04. 07

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.